# زانستی دەروونناسی و کاریگەریی لەسەر دۆزینەوەی تاوان

مافپەروەر / عەبدولرەزاق جەلال تەها
بەڕێوەبەری پەیوەندییە دادی و یاساییەکان/ وەزارەتی داد

زانستی (دەروونناسی تاوان) زۆر ئاسانکاری کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی بونەتە پاڵنەرێك بۆ ئەنجامدانی تاوان و لادان لەناو کۆمەڵدا. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامدراون دەرکەوتووە، کەوا پەیوەندییەك هەیە لەنێوان جۆری تاوانی ئەنجامدراو و توانای عەقڵی ئەنجامدەری تاوانەکە و تێبینی کراوە، کەوا بڵاوبوونەوەی تاوان لەلایەن ئەو کەسانەی کەئاستی زیرەکییان نزمە، زیاترە لەو کەسانەی کەئاستی زیرەکییان بەرزە. لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی ئاستی زیرەکییان نزمە توانایان کەمترە، لەوانی تر، کەبەرامبەر گیروگرفتەکان بەرگری بکەن. بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانەی کە رۆژانە بەرەنگاریان دەبنەوە و توانای پلان دانانیان کەمترە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفتەکانیان و چارەسەرکردنیان.

هەروەها ئەو زانستە زیاتر بایەخ بە توێژینەوەی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان دەدات، چونکە زانینی ئەو پاڵنەرانە و چاککردنەوەی دەبێتە دوورکەوتنەوەی تاوانبار لەتاوانکردن بۆ جارێکی تر، هەروەها دەرکەوتووە کەهەندێك لەتاوانەکانی وەك (دزیکردن و کاری تێکدەرانە و دەستدرێژی) زۆرجار پاڵنەرەکەی باری دەروونییە، بۆ نموونە زۆر پاڵنەر هەیە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ دزیکردن و زۆرجار ئەنجامدانی دزیکردن بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئەنجام دەدرێت یان دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی ناتوانێت پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەگەر بەئەنجام دانی دزییەکەی نەبێت(واتە لەرووی ناچارییەوە ئەم دزییە دەکات ) یان ئەنجامدانی دزیکردن لەپێناو تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانە، وەکو دزینی پارە لەلایەن هەندێك منالأن لەپێناو هێنانەدی حەز و ئارەزووەکان، وەك بەکرێ لێخورینی پاسکیل یان بۆ کڕینی تۆپی پێ بۆ یاری پێکردنی و دزینی زۆر شتی تر لەحەزو ئارەزووەکان . هەندێك جار دزیکردن بۆ ئەو کەسەی دزییەکە ئەنجام دەدات بۆ جێکردنەوەی خۆیەتی لەنێوان ئەو کۆمەڵەی کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، لەپێناو رازیبوونی هاوەڵ و هاورێکانی کە لە قوتابخانەکە پێکەوەن، چونکە بەبۆچوونی ئەو منالە ئەو کارە وای لێدەکات لەلایەن هاوڕێکانییەوە خۆشەویست بێت. جۆرێکی تر هەیە لەدزیکردن بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە یان تۆڵە سەندنەوە لەلایەن کەسێك ئەنجام دەدرێت کە هەست بەکەمی (شعور بالنقص) دەکات و دزی ئەنجام دەدات بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستە یان دزیکردن بەهۆی بزرکردنی سۆز و وەفاداری و گەڕانەوەی سۆزەکەی وەکو ئەوەی لەو مندالأنەی کەزۆرجار کرداری دزی ئەنجام دەدەن دژ بە باوکیان یان دایکیان ئەمەش وا شیدەکرێتەوە، هەندێکجار لەبەرئەوە بێت کەوا ئەو منداڵە پێشتر زۆر سۆزو بەزەیی پێدرابێت و دواتر سۆزەکەی نەمابێت یان لەلای بزر ببێت و منداڵەکە وا هەست دەکات کە کارێکی باشی ئەنجام داوە لەجیاتی ئەو سۆزە کە پێشتر پێی دەبەخشرا لەلایەن باوکی یان دایکی و ئێستاش نەماوە، بەبۆچوونی منداڵەکەی سۆزەکەی گەڕاندۆتەوە بەم دزیکردنە.

بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەرێگای میدیاکانەوە هۆشداری تەواو بدەن بەهاوولأیتیان لەسەر ئەو بابەتە و کاریگەری ئەم زانستە لەسەر ئەنجامدانی تاوان و دۆزینەوەی ئەو رێگاچارانەی کە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە لەئەنجامدانی تاوان، لەرێگای بەرنامەی تایبەت بەهێنانی پسپۆر لەبواری دەروونناسی و پێشەکەشکردنی رێنمایی تایبەت بۆ هاوولأتییان بۆ ئەوەی ئەندامانی خێزان بەتایبەتی باوکان و دایکان ئاشنابن بەم زانستە گرینگە و ئاگاداری رۆڵەکانیان بن بۆ ئەوەی دووربن لەهەر کردارێك و هەڵسوکەوتێکی خراپ کەببێتە مایەی ئەنجامدانی هەر تاوانێك.




rawezhgovar@yahoo.com